پارێزگاری نوێی سەڵاحەدین هەڵبژێردرا



لە کۆی 15 ئەندام، ئەحمەد جبوری توانی دەنگی نێ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین بەدەستبهێنێت و پۆستی پارێزگار وەربگرێت، فراکسیۆنی عەزمیش بایکۆتی دانیشتنەکەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدینیان کردبوو کە تایبەتبوو بە هەڵبژاردنی پارێزگار.

پێیامنەرمان رایگەیاند، لە کۆی 15 ئەندام، نێ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سەڵاحەدین دەنگیان بە ئەحمەد جبوری ناسراو بە (ئەبو مازن)دا و وەک پارێزگاری سەڵاحەدین هەڵبژێردرا.

ئاماژە بۆشکراوە، فراکسیۆنی عەزم کە لەلایەن موسنا سامرائیەوە سەرکردایەتی دەکرێت، بایکۆتی دانیشتنی هەڵبژاردنی پارێزگاری سەڵاحەدینیان کردبو.